٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. " پەروەردەکردن بەپێی مەسیح " ئەفەسۆس ٦: ٤ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : یۆحەنا ١٨ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

## ڕێبەری هەشتەم – وانەی ٤٠

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢پەترۆس + یەهوزا |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەراوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢پەترۆس ١- ٣ وە یەهوزا).
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات . تێبینەکانتان بنوسنەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) "پەروەردەکردن بەپێی مەسیح " ئەفەسۆس ٤: ٦ |

دوو بەدوو **پێداچوونەوە** بکەن بۆ "پەروەردەکردن بەپێی مەسیح " ئەفەسۆس ٤: ٦ .

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) | یۆحەنا ١٨ |

**پێشەکی** : یۆحەنا بەشەکانی ١٨و ١٩ تایبەتە بە ئازارەکانی مەسیح . ئینجیلی لۆقا بۆمان دەردەخات کە عیسا سێ جار دادگایی کرا لەسەر دەستی جولەکە ، وە پەترۆس سێ جار نکۆڵی کرد ، وە سێ جار لەسەر دەستی نا جولەکە دادگایی کرا . وە یۆحەنا بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنەکانمان بۆ باس دەکات . لەسەرەتاوە عیسا دەستگیر کرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و لەبەردەم حەنانیا دادگایی کرا ، وە پەترۆس بۆ جاری یەکەم نکۆڵی کرد دوای ئەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا لەبەردەم قەیافا و پەترۆس بۆ جاری دوەم نکۆڵی کرد لە کۆتاییدا لەبردەم پیلاتۆش و ئینجا هیرۆدس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراو جارێکی تر پەترۆس نکۆڵی لێکرد پێش ئەوەی لەخاچ بدرێ .

**هەنگاوی ١ : بخوێنەوە . وشەکەی خودا**
پێکەوە یۆحەنا ١٨ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢ : ئاشکرای بکە. تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت

لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**یۆحەنا ١٨ : ٤**

**<u>ئاشکراکردنی ١: کاتێ عیسا دەستگیرکراو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو دادگایی کرا لە هەموو کاتەکاندا ئەو باڵادەست بوو بەسەر بارودۆخەکەدا.</u>**

ئایەتی ٤ دەخوێنینەوە : " عیساش هەموو ئەو شتانەی دەزانی کە بەسەری دەهات، چوو و پێی فەرموون: کێتان دەوێت؟ " چەندین بابەت ئاماژە دەکەن بۆئەم ڕاستیە کە عیسا باڵا دەست بوو بەسەر تەواوی هەڵوێست و باردۆخەکەدا بەتەواوەتی :

أ. عیسا پێشتر دەیزانی چێ ڕوودەدات .

هەرچەندە خەڵکی نازانن لە ئایندەدا چی ڕوودەدات ، بەڵام عیسای مەسیح دەیزانی بە تەواوەتی چی ڕوودەدات لەبەرامبەریدا .

ب. عیسا بە خواستی خۆی هات بۆ لای دوژمنەکانی .

عیسا لە مەترسیەکە هەڵنەهات و خۆی نەشاردەوە بەڵکو دەستپێشخەری کردو هاتە دەرەوە بۆیان ، لە تاریکایی ناو دارەکانی باخی جەسیمانی هاتە دەرەوەو ڕوبەڕوی دوژمنەکانی بۆوە . کاتێ ڕاوەستا لەبەردەمیان ، یەهوزا باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد و ووتی : " سڵاو گەورەم " مەتا

٢٦: ٤٩ . ئەمەش نیشانەیەك بوو یەهوزا پێشتر دیاری كردبوو بۆ سەربازەكان و پاسەوانەكانی كەنیشت و بەرپرسانی كەنیشت بۆ دەستگیركردنی عیسا ، ئەمەش كارێكی قێزەون بوو ، چونكە یەهوزا پیرۆزترین شەوی هەڵبژارد ، شەوی پەسخە ، وە پیرۆزترین شوێنی هەڵبژارد ، ئەو شوێنەی عیسا نوێژی تێدا كرد ، وە پیرۆزترین هێماو نیشانە ، ماچكردن ، تاكو ناپاكی بكات لە گەورەكەی و بەدەستیەوە بدات ! كارەكەی یەهوزا لە هەموو ئەوانەش ڕیسوا تر ئەوەبوو كە عیسا بۆخۆی دەستپێشخەری كردو هاتە دەرەوە بۆ دوژمنەكانی و خۆی دایە دەستەوە !

ج. ئەوانەی عیسایان دەستگیر كرد هیچ دەسەڵاتێكیان نەبوو بەسەرعیسادا!

ئەوانەی دەیانویست بەهێزەوە دەستگیری بكەن كاتێ عیسا بە ویستی خۆی خۆی ناساند و پێی ووتن منم عیسای ناسیری ( یۆحەنا ١٨: ٥) ئیدی نەیانتوانی بەپێوە بوەستن و بەڵكو گەڕانە دواوەو كەوتن لەسەر زەوی ! ئەوان چاوەڕوانی ئەوە نەبوون عیسا جڵەوی بارودۆخەكە بگرێتە دەست و بۆیان بێتە دەرەوە ! دەسەڵاتی پاشای پاشاكان دەركەوت لە چاوەكانیدا و لە نۆتەی دەنگیدا ئیدی وای كرد ئەوان لاواز بن و ئەژنۆ لەرزۆكەكانیان پەكی كەوت و نەیانتوانی بەپێوە بوەستن!

د. عیسا ڕێگەی نەدا هیچ كام لە قوتابیەكانی دەستگیر بكرێ .

كاتێ هاتن بۆ دەستگیركردنی عیسا فەرموی " من ئەوم. ئەگەر بەدوای منداد دەگەڕێن، با ئەمانە بڕۆن ." بڕوانە یۆحەنا ١٧: ١٢ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٩ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٨.

هـ . عیسا بە تەواوەتی نەخشەی داڕشتبوو كە خۆی بەخت بكات لە پێناوی مێگەلەكەیدا . پەترۆس یەكێك بوو لەو قوتابیەكان كە هەمیشە دڵگەرم بوو بۆیە شمشێرەكەی لە كەلان دەرهێناو گوێی ڕاستی خزمەتكاری سەرۆك كاهینی بڕی . ئیدی دەستبەجێ عیسا فەرمانی كرد بە پەترۆس كە شمشێرەكەی بگەڕێنێتەوە ناو كەلانەكەی و پێی فەرموو " شمشێرەكەت

بگەڕێنەوە شوێنی خۆی، چونکە هەموو ئەوانەی شمشێر هەڵدەگرن، بە شمشێر دەمرن."

یۆحەنا ١٨: ١١ ؛ یۆحەنا ١٨: ٣٦ ؛ مەتا ٢٦: ٥٣ ؛ مەتا ٢٦: ٥٢ .

عیسا تەنها قوربانی دەستی خراپەکاران نەبوو، چونکە ئەو پاشایەو بە تەواوەتی باڵا دەستە لەسەر هەموو ڕوداوەکانی زەوی . مردنەکەی تەنها "کوشتنێك " نەبوو بەڵکو خۆی دایە دەستەوە بە ویستی خۆی بۆ کڕینەوەی زۆرینە ( بڕوانە یۆحەنا ١٠: ١٧- ١٨) ! بۆیە من دڵخۆشم کە ئەو باڵا دەستە بەسەر هەموو ژیانم و ڕوداوەکانی ژیانمدا .

یۆحەنا ١٨: ٢٧

ئاشکراکردنی ٢: نکۆڵی کردنی پەترۆس .

لۆقا ٢٢: ٣٣ ؛ یۆحەنا ١٣: ٣٧ ؛ مەرقۆس ١٤: ٥٠ ؛ لۆقا ٢٢: ٦١- ٦٢.

**<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە**

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە یۆحەنا ١٨: ١- ٤٠ تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی

گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**یۆحەنا ١٨: ١٢- ٢٤**

**<u>پرسیاری</u> ١ : <u>چەند جار عیسا لێکۆڵینەوەو دادگایی کرا لەبەردەم دەسەڵاتدارانی جولەکە ؟</u>**

**تێبینیەکان .**

چوار ئینجیلەکە باسمان بۆ دەکەن وەك شایەتحاڵ ، بە بەراورد کردنی باسەکانی چوار ئینجیلەکە وێنەیکی ڕوونمان دەبێت لەبارەی ڕوداوەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنەکانی و مردنی و هەستانەوەی .

أ. لێکۆڵینەوەی یەکەم لەگەڵ عیسای مەسیح لەبەردەم حەنانیا ( یۆحەنا ١٨: ١٢- ١٤ ، ١٩- ٢٤).

ئەم خولەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدرا کە هێشتا پەترۆس لەلای سەرۆك کاهین نکۆڵی دەکرد لە گەورەکەی ( یۆحەنا ١٨: ١٥- ١٨) . حەنانیا (یان حەنا) بە سەرۆك کاهین ناودەبرا ( یۆحەنا ١٨: ١٩) وە خەزوری قەیافا بوو کە ئەو سەرۆك کاهین بوو بە تەواوەتی ( یۆحەنا ١٨: ١٣، ٢٤) . پێ دەچێ حەناو قەیافا لە دوو بەشی جیاوازی هەمان ماڵێکی گەورەدا ژیابن کە تەرخان کرابوو بۆ سەرۆك کاهینان . حەنانیا خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیەکی بەهێز بوو هەروەها کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر خەڵکی ، پلەی سەرۆك کاهینی هەبوو لەماوەی نێوان ساڵەکانی ٦ بۆ ١٥ ی زایینی . هەرچەندە پلەکەی نەمابوو بەڵام هەر بە ئەندامێکی خاوەن پێگەو کاریگەر مابۆوە لە کەنیشتی سەنهەدرین . هەرچەندە بە فەرمی سەرۆك کاهین نەبوو بەڵام هەموان بە سەرۆك کاهین ناویان دەهێنا ( لۆقا ٣: ٢ ؛ کردار ٤: ٦) . هەرچەندە سەرۆکی سەنهەدرین نەبوو بەڵام بێگومان پیاوێك بوو هەمیشە ڕاوێژیان پێدەکرد ! ئەو بەرپرس بوو

بەشێوەیەکی گەورەتر لە هەموو کاروچالاکی کەنیشتی سەنهەدرینی جولەکە ، هەندێ لە سەرچاوەکانی مێژوو باسی دەکەن کە چاوچنۆك و دەوڵەمەند بوە وە خێزانەکەی بە چاوچنۆك و تەماحکار ناوبانگیان هەبوە ، پشکی ئەو لە قازانجەکاندا کەم نەبوە لە فرۆشتنی ئاژەڵانی قوربانی لە پەرستگادا ، ئەو بەرپرس بوو لە گۆڕینی پەرستگای خودا ، ماڵی نوێژ ، بۆ ئەشکەوتی دزان ( یۆحەنا ٢: ١٤) . ڕەنگە ئەو هاندەری سەرەکی بێت لە پلانگێڕی بۆ کوشتنی عیسا . بەهەرحاڵ قەیافا ئەو بیرۆکەیەی وروژاند کە پیاوێك لە بری ئیسرائیل بکوژرێ باشترە ( یۆحەنا ١١: ٤٩-٥٣) . هەروەها بڕوانە ( یۆحەنا ١٨: ٢٢- ٢٣) .

ب. لێکۆڵینەوەی لەبەردەم قەیافاو سەرۆک کاهینەکان و پیران و مامۆستایانی تەورات .

مەتا ٢٦: ٥٧- ٦٨ ؛ مەرقۆس ١٤: ٥٣- ٦٥ ( لۆقا ٢٢: ٥٤) مەتا ٢٦: ٦٣- ٦٤ . ( لۆقا ٢٢: ٦٣- ٦٥) .

ج. لێکۆڵینەوە لەگەڵ عیسا لەبەردەم کەنیشتی سەنهەدرین بە سەرۆکایەتی سەرۆك کاهین .

لۆقا ٢٢: ٦٦- ٧١ ؛ مەتا ٢٧: ١ ؛ مەرقۆس ١٥: ١ ؛ لۆقا ٢٢: ٦٦ . سەنهەدرین بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری بوو لە ئیسرائیل بۆیە ئەنجومەنی سەنهەدرین کۆبونەوەیەکی خێرایان ئەنجامدا بۆ بڕیاردان لەسەر تاوانبارکردنی عیسا بەوەی شایەنی حوکمی مردنە . ئەوان دەیانویست هەموو شتێك تەواو بکەن پێش ئەوەی خەڵکی بە گشتی لە ئۆرشالیمدا ئەو شتانە بزانن کە چی ڕویداوەو پێش ئەوەی ڕۆژی شەممە دەست پێبکات لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا . لێرەدا هەروەها عیسا ڕایگەیاند کە ئەو مەسیایە چاوەڕوانکراوە ، وە ڕایگەیاند کە ئەو بەم نزیکانە لەلای ڕاستی خودای باوك دادەنیشێت و ئەو کوڕی خودای باوکە ، وە واتای کوڕی خودا ئەوەیە خودا سروشتی مرۆڤانەی وەرگرت لە عیسای مەسیح دا و هات تاکو بژی لە نێو ڕەگەزی مرۆڤدا ( یۆحەنا ١: ١ ، ١٤) .

ئەگەر خودا لەنێو دەوەنێکی گڕگرتودا خۆی دەربخات ( دەرچوون ٣: ٢-٤ ) ، هەروەها دەتوانێ خۆی دەربخات لە جەستەی مرۆڤدا ! ناو " کوڕی خودا" واتە عیسای مەسیح وێنەی بینراوی خودای نەبینراوە ( کۆلۆسی ١: ١٥) ، ( عیبرانیەکان ١: ٣) .

یۆحەنا ١٨: ١٢- ٢٤

پرسیاری ٢: ئایا لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنەکانی عیسای مەسیح لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ئایینی جولەکە دادپەروەرانە بوو ؟

تێبینیەکان .

نەخێر ، هیچ کام لە لێکۆڵینەوەو دادگاییەکان لەگەڵ عیسا دادپەروەرانە نەبوو بەهیچ شێوەیەك ( یۆحەنا ١١: ٤٩- ٥٠) پێمان دەڵێت کە ئەوان لە مێژوو بڕیاری کوشتنی عیسایان دابوو . هەر تەنها ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاستی نادادپەروەری دەردەخات .

یۆحەنا ١٨: ٢٨- ٤٠

پرسیاری ٣: چەند جار عیسا لەبەردەم دەسەڵاتدارانی ڕۆمەکان لێکۆڵینەوەو دادگایی کرا؟

تێبینیەکان .

دوای ئەوەی عیسا ڕوبەڕوی سێ خولی لێکۆڵینەوەو دادگایی لەبەردەم دەسەڵاتدارانی جولەکە بۆوە ، ئیدی سێ خولی دیکە ڕوبەڕوی دەسەڵاتدارانی ڕۆمەکان بۆوە ، یەکەم لەبەردەم پیلاتۆس ، دووەم لەبەردەم هرۆدس ، سێ یەم لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی لەبەردەم پیلاتۆس جارێکی تر .

أ. لێکۆڵێنەوەی یەکەم لەبەردەم پیلاتۆس .

ئەو کات ئیمپراتۆریەتی ڕۆما حوکمڕانی فەلەستینی دەکرد ، وە پیلاتۆس فەرمانڕەوای یەهودیە بوو ، پیلاتۆس کابرایەکی لوتبەرز بوو ( یۆحەنا ١٩: ١٠) ، وە دڵڕەق و توندوتیژ بوو ( لۆقا ١٣: ١) . هەروەها بڕوانە (

یۆحەنا ١٩: ٨) . ( یۆحەنا ١٨: ٣٠- ٣١) وە لۆقا ٢٣: ٢ . کاتێ خەڵکەکە ڕاوەستابوون ، پیلاتۆس هاتە دەرەوەو ڕایگەیاند کە عیسا بە تەواوەتی بێتاوانە : " ووتی من هیچ تاوانێکی تێدا نابینم " یۆحەنا ١٨: ٣٨ . بڕوانە لۆقا ٢٣: ٥ .

ب. لێکۆڵینەوەی لەبەردەم هیرۆدسی پاشا .

لۆقا ٢٣: ٦- ١٢ .

ج. لێکۆڵینەوەی دووەمی ودادگایی کردنی لەبەردەم پیلاتۆس .

لۆقا ٢٣: ١٣- ٢٥ وە مەتا ٢٧: ١٥- ٢٦ . پیلاتۆس هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی عیسا بێتاوانە لەگەڵ ئەوەشدا دەترسا پلەو پێگەکەی لەدەستبدات بۆیە فەرمانی کرد بە ئەشکەنجەدانی و لەخاچدانی .

**<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. پەیڕەوکردن**

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە یۆحەنا ١٨.

**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

## <u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ئینجیلی یۆحەنا ١٨ .</u>

١٨: ١ : دەتوانی لە شوێنێکی هێمن دا نوێژ بکەیت وەکو عیسا .

١٨: ٥ : عیسا هەرگیز درۆی نەکردوەو پێناسی ڕاستەقینەی خۆی ڕەتنەکردۆتەوە .

١٨: ٨- ٩ : عیسا هیچ کام لەوانەی لەدەست نەدا کە خودا پێی دابوو .

١٨: ١٠: نابێت باوەڕداران هەرگیز پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی چەك و تۆقاندن و جەنگی پیرۆز یان ئایینی .

١٨: ١١: دەبێت باوەڕداران پێشوازی بکەن لەو ئازارەی خودا ڕێگەی دەدات بە ڕووداني .

١٨: ١٢ : نابێت باوەڕداران بەرهەڵستی دەستگیرکردن بکەن بەڵکو شایەتی بدەن لەبەردەم بەرپرسان وحوکمرانەکان ( مەتا ١٠: ١٧- ٢٠) .

١٨: ٢٠ : عیسا هەمیشە بە ئاشکراو ڕاشکاوانە قسەی دەکرد بۆ خەڵکی جیهان هەرگیز بە نهێنی قسەی نەدەکرد . بەڵکو خەڵکی فێر دەکرد تەنانەت لە شوێنە ئایینیەکاندا ئەوەی کە هەمیشە تیایدا کۆدەبوونەوە .

١٨: ٢١ : عیسا ئاڵانگاری سکاڵاکەرانی کردو پێی وتن دەتوانن لە خەڵکی بپرسن ئەو چی ووتوە ، چونکە ئەوان دەزانن چی ووتوە .

١٨: ٢٣: عیسا ئاڵانگاری ئەوە بوو کە لێی دا و پێی ووت بەڵگەیەکی بداتێ ئەگەر تاوانبارە . وە ڕوبەڕوی ئەوانە بۆوە بە نادادپەروەری مامەڵەیان لەگەڵدا کرد لەکاتێکدا ئەو بەڕاستی دەدوا .

١٨: ٣٤ : عیسا ئاڵانگاری دەسەڵاتداری کرد لەوەی چی دەڵێت لەبارەی عیساوە ، نەك ئەوەی خەڵکی دیکە دەیڵێن .

١٨: ٣٦ : عیسا بە ڕاشکاوی و بەڕوونی بە پاشای ووت کە ئەو پاشای ئەم شانشینەیە ، وە شانشینیەکەی بە ڕاگەیاندنی ڕاستی بڵاو دەبێتەوە .

١٨: ٣٨ : دەبێت باوەڕداران ئامادەبن ڕوبەڕوی دادگایی کردن و بڕیاری مردن ببنەوە ئەگەر چی ئەو تاوانەی خراوەتە پاڵیان هەڵبەستراو بێت و بڕیارو دادگایی کردنەکان نادادپەروەریش بن .

١٨: ٣٩- ٤٠ : دەبێت باوەڕداران ئامادەبن بۆ ئەم ڕاستیەی کە زۆرێك لە جیهاندا دەیانەوێ بیانکوژن لەگەڵ ئەوەشدا واز لە تاوانباران دەهێنن بەردەوام بن لە ژیانیان بە ئازادی .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. بریم لە خۆم کردەوە بەم پرسیارانە : وەکو پەترۆس ئەو بەڵینە گەورانە کامانەن بە خودام داوە ؟ حەزە گەورەکانم کامانەن سەبارەت بە شانشینی خودا ؟ ئایا بەڕاستی خۆم دەناسم ؟ یان ئایا سەرکەشی دەکەم بە نکۆڵی کردنم لە عیسا ؟ دەمەوێ داوای نیعمەتی خودا بکەم بۆ ساکاریم و بیر لە خۆم بکەمەوە وەك چۆن خودا دەیەوێ بیر بکەمەوە .

ب. ئەوەی ڕویدا لەگەڵ عیسا تەنها کوشتن نەبوو ، بەڵکو عیسا بە ویستی خۆی و بەمەبەستی کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر خۆی بەخت کرد . ئەو پاشایە ئەو هەموو شتێکی لە ژێر دەستدایە لەوەی ڕوو دەدات لەسەر زەوی ، ئایا باوەڕ بەم ڕاستیە دەکەم ؟ دەمەوێ هەمیشە ئەو ڕاستیە بزانم کە ژیانم و چارەنوسم لەژێر دەستی خوداوەند عیسای مەسیحی زیندووەو ئەو ئایندەم دیاری دەکات و دەسەڵاتدارە بەسەریدا ، نەك ئایندەیەکی کوێرانەو بارودۆخی ناعەقڵانی .

**هەنگاوی ٥: نوێژ بکە** **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە یۆحەنا ١٨ .
( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داکۆکیکاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری پان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ئینجیلی یۆحەنا ١٨ .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١یۆحەنا ١- ٣ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : " تەمێکردن بە خۆشەویستی ": پەندەکان ١٣: 24 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .